United Nations Nations Unies

نەتەوە یەکگرتووەکان

Office for the Coordination of Humanitarian Affairs

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی

نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر نیگەرانە بۆ سەلامەتی دانیشتوانانی هاوولاتیان

(بەغدا، ٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧) - هەرچەندە نەتەوە یەکگرتووەکان پشوویەکی وەرگرت لەوەی کە شەڕوپێکدادان لە ناوەوە ونزیك حەوێجە لە ناو پارێزگای کەرکوك بە کۆتا دێن، هاوکارانی مرۆیی هێشتا زۆر نیگەرانن سەبارەت بە سەلامەتی دانیشتوانانی هاوولاتیان.

خاتوو. لیز گراندێ ڕێکخەری مرۆیی بۆ عێراق گوتی "زیاتر لە ٥,٤ ملیۆن هاوولاتی لە ناو عێراق لەو کاتەوەی ساڵی ٢٠١٤ ئاوارەبوون،"، "بە ملیۆنان عێراقی هاوکاری کراون بۆ گەیشتن بە شوێنی سەلامەت ولەلایەن حکومەتی عێراق وحکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ململانێکە پارێزراون."

هاوکارانی مرۆیی کە لە ناو عێراق کاردەکەن قەیرانە مرۆییەکە وەك تایبەتمەندی قەیرانێکی پاراستن دادەنێن.

خاتوو. گراندێ گوتی "هیچ شتێك لەوە گرنگتر نیە کە ئەم هاوولاتیانە بپارێزرێن کە بەهۆی ململانێکە زیانیان پێگەیشتووە،". "یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی ڕوون وئاشکرایە. هەموو شتێك دەبێت بکرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە خەڵك سەلامەتن ودەستیان دەگات بەو هاوکاریەی کە پێویستیانە."

خاتوو. گراندێ گوتی "پاراستن وەك نیگەرانی سەرەکی ئێمە دەمێنێتەوە. هاوکارانی مرۆیی زۆر نیگەرانن لەبارەی ڕووداوەکانی ئەشکەنجەدانی بە کۆمەڵ، سنوردارکردنی ئازادی لە جولانەوە، دەرکردنەکان، گەڕاندنەوەی بە زۆرەملێ وبەهەڵقۆستنەوەی سێکسی وتوندوتیژی، لەوانە لە شوێنە تەنگەتاویەکان وخێوەتگەکان،".

"هەندێك حاڵەتی منداڵان هەن کە دڵ ئازاردەدەن، بەتەمەنەکان وکەسانی پەککەوتە لە خێزانەکانیان جیاکراونەتەوە. بە سەدان وهەزاران کەس، لەوانە بە دەیان وهەزاران منداڵانی گەنج، کەوتوونەتە بەر ئەوپەڕی مەترسی، فشاری دەروونی، وزەبری دەروونی وپێویستیان بە چەندین ساڵ لە هاوکاری وچاودێری تایبەت دەبێت.

"خاتوو. گراندێ گوتی "ئێمە زۆر نیگەرانین لەبارەی ئەو فشارانەی کە هەندێك جار دەچێتە سەر شانی کارگوزارانی مرۆیی، "هەموو جارێك ئێمە پرسیارمان لێکراوە کە شتێك بکەین کە سەرپێچی کارکردنی بنەمادار دەکات ئێمە دەستبەجێ کێشەکە لەگەڵ دەسەلاتداران بەرز دەکەینەوە – وبەردەوام کێشەکان بەرز دەکەینەوە هەتا ئەو کاتەی کە چارەسەرێك دەدۆزرێتەوە. ئەم کارەش زۆر گرنگە کە حکومەت بەردەوام بێت لە لێکۆڵینەوەی تەواوی هەر سەرپێچیەك لە بنەما مرۆییەکان وڕاپۆرتی مامەڵە خراپەکانی مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕوون وبەرپرسیارانە."

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە:
نۆرلا فەیگن، سەرۆکی پەیوەندیەکان وڕاپۆرتکردن، لە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی، عێراق لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵە (fagano@un.org)

The mission of the United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs (OCHA) is to mobilize and coordinate effective and principled humanitarian action in partnership with national and international actors.